رەفیق سابیر

# * پەنجەرەیەک والآ

پەنجەرەیەک بە ڕووی سارا و شەودا والآ
شوێن بە چرپە حیکایەتی پیربوونی خۆی دەگێڕێتەوە.
تۆیش لە چاوەڕوانی هیچدا یاری بە تاریکی دەکەیت
وەک بتەوێت شەو و باڵندەکانی بشڵەژێنێت،
یان تاریکی بکەیتە داوێک و داهاتووی پێ بگریت.

لە تاریکییەوە هەڵمێک هەڵدەستێت لە داچۆڕانی ڕووناکییەوە بۆنگولآو، شەویش بە چرایەکی شینەوە ئێشک لە ژیان دەگرێت.
ڕەنگە ڕێگایەکان بە هیچ شوێنێک نەگەن، کەچی بەهانەی کۆچ هەر دەمێنێت؛
وەچەی تارمایی هەمیشە بەڕێوەن. باڵندە کۆچەرییەکان ڕووناکی هەڵدەگرن،
بە چڕین زەمانیان، بە فڕین فەزایان دادەهێنن.

پەنجەرەیەک بەسەر دووریدا والآ
شوێن پاڵی بە ئەبەدییەتەوە داوە، تۆیش هێشتا بێدەنگییت پۆشیوە
دەتەوێت بە کیبوون پەیقین شکۆدار بکەیت. دەست بە گەلاکاندا دێنیت کە ڕەنگی ئوکتۆبەریان گۆڕیوە.
چۆڵاییەک لە ناو بازنەی زەماندا کە بۆ گەمژەیی ڕێکەوت جێماوە. پەرێزێکی شین لە نێوانی شەو و ڕۆژدا کە نە هۆگری دەبین، نە دەتوانین لێی ڕاکەین.

زەمان هەستێکە لە خۆتدا
شوێن لە تۆوە تا ئەبەدییەت،
ڕاستیش وەک تاڵێک ڕووناکی لە نێو خۆتدا.